مەسعود پزیشکیان: ئێران هەوڵی هەڵگرتنی چەکی ئەتۆمی نادات

مەسعود پزیشکیان سەرۆك كۆماری ئێران ئەمڕۆ چوارشەممە رایگەیاند، ئێران هەوڵی هەڵگرتنی چەکی ئەتۆمی نادات و هەرش ناکاتە سەر هیچ وڵاتێك و شەممەی داهاتوش وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی دەچێتە عومان بۆ ئەنجامدانی دانوستانی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا.

مەسعود پزیشکیان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، "ئێمە هەوڵی خاوەندارێتی چەکی ئەتۆمی نادەین، لە هیچ هەڕەشەیەکیش ناترسین، ئێمە بەدوای شەڕدا ناگەڕێین، هەرش ناکەین بۆ هیچ وڵاتێك، بەڵام ئێمە بە هەز ڕوبەڕووی هەر هەرشێك دەبینەوە".
باسی لەوەشکرد، "ئێمە چەقبەستوین، سازش لەسەر هیچ شتێك ناکەین و بە هەمو هەزمان بەرگری لە وڵاتەکەمان دەکەین".

جەختیکردەوە، "ئێران نابێتە کۆلنی بێگانە، ئێمە ئاشتیمان دەوێت، ئەو سزا سەپێنەرانەش دەبێت هەڵیانبگرن".
سەرکی ئێران دەشڵێت، "عەباس عێراقچی وەزیری دەرەوەی ئێران شەممەی داهاتو سەردانی

سوڵتانیەتی عومان دەکات بۆ وتوێژی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا".